کۆماری عێراق
**المفوضية العليا المستقلة للانتخابات**
**کۆمیسونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان**
**The Independent High Electoral Commission**

وەرگێڕانی: سەکوان ئەرگوشی

پێداچوونەوەی: نیازی حەمەعەزیز

**بە پشتبەستن بە حوکمەکانی ماددەی 10/ هەشتەم، لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە (31) بۆ ساڵی 2019 و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە (12) بۆ ساڵی 2018ی هەموارکراو، ئەم پەیڕەوەمان دەرچوواند:**

**پەیڕەوی دابەشکردنی کورسییەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدا**

**ژمارە (9) بۆ ساڵی 2023**

**ماددەی -1-**

**مەبەست لەم دەستەواژانەوەی خوارەوە، واتاکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم/ یاسا**: یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە (12) بۆ ساڵی 2018ی هەموارکراو.

**دووەم:- بازنەی هەڵبژاردن**: هەر ناوچەیەکی دیاریکراو، کە بەپێی حوکمەکانی یاسای هەڵبژاردن، ژمارەیەک کورسی بۆ تەرخان کراوە.

**سێیەم:- پاڵێوراو**: هەر عێراقییەک، کە بە فەرمی کاندیدبوونی بۆ ئەندامێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگا پەسەند کراوە.

**چوارەم:- دەنگە درووستەکان**: ئەو دەنگانەی شیاون بۆ هەژمارکردن.

**پێنجەم:- کورسییە گشتییەکان**: ئەو کورسییانەی لە مادەەی (15/دووەم/أ)ی یاسادا دیاریکراون.

**شەشەم:- <u>کورسیی تەرخانکراو بۆ پێکهاتەکان</u>:** ئەو کورسییانەی لە ماددەی (15/دووەم/ب)ی یاسادا دیاریکراون.

**حەوتەم:- <u>لیستی تاکەکەسی</u>:** ئەو لیستەی لە یەک پاڵێوراو پێکدێت. بەپێی لیستەکە، تەنها یەک کەس دەتوانێت خۆی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردن، بەمەرجێک لەلایەن کۆمسیۆنەوە تۆمار کرابێت.

**هەشتەم:- <u>لیستی کراوە</u>:** ئەو لیستەی ناوی پاڵێوراوە ڕاگەیێنراوەکان لەخۆ دەگرێت، بە مەرجێک ژمارەی پاڵێوراوان لەناو لیستدا زیاتر نەبێت لە دووهێندەی ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ بازنەی هەڵبژاردن و کەمتر نەبێت لە چوار پاڵێوراو. لە ڕێگەی ئەم لیستەوە، دەنگدەر مافی ئەوەی هەیە کە پاڵێوراوی دڵخوازی خۆی هەڵبژێرێت، بەبێ ئەوەی پابەند بێت بە ڕیزبەندیی پاڵێوراوەکە لەناو لیستێکدا.

**ماددەی -2-**

**بەپێی ئەم خشتەیە، کورسییەکان بەسەر پارێزگاکاندا دابەش دەکرێن:**

| ز | پارێزگا | ژمارەی کورسی | کورسیی کۆتای ئافرەتان | کورسیی پێکهاتەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | موسەننا | 12 | 3 | |
| 2 | ئەنبار | 16 | 4 | |
| 3 | دیوانیە | 14 | 4 | |
| 4 | نەجەف | 15 | 4 | |
| 5 | دیالە | 15 | 4 | |
| 6 | سەڵاحەددین | 15 | 4 | |
| 7 | کەربەلا | 13 | 4 | |
| 8 | کەرکووک | 15 | 4 | 1 (مەسیحییەکان) |
| 9 | میسان | 13 | 4 | 1 (سابیئەی مەندائی) |
| 10 | واست | 14 | 4 | 1 (کوردی فەیلی) |
| 11 | بابل | 18 | 5 | |
| 12 | زیقار | 18 | 5 | |
| 13 | بەسرە | 22 | 6 | 1 (مەسیحییەکان) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 14 | نەینەوا | 26 | 7 | 3 (مەسیحییەکان – شەبەک – ئێزیدییەکان) |
| 15 | بەغداد | 49 | 13 | 3 (مەسیحییەکان – سابیئەی مەندائی – کوردی فەیلی) |
| | **کۆی گشتی** | **275** | **75** | **10** |

**ماددەی -3-**

**<u>یەکەم: بەپێ ئەمەی خوارەوە، کورسییە گشتییەکان بەسەر لیستە بەشداربووەکانی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن:</u>**

أ – دەنگە درووستەکانی هەر لیستێکی کراوە یان لیستی تاکەکەسی لە چوارچێوەی بازنەی هەڵبژاردندا، هەژمار دەکرێن.

ب – لیستە کراوەکان یان لیستە تاکەکەسییەکان لە بازنەی هەڵبژاردندا، بەپێی کۆی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە، لە زۆرترینەوە بۆ کەمترین، دووبارە ڕیز دەکرێنەوە.

ج – کۆی ئەو دەنگانەی هەر لیستێک بەدەستی هێناوە، دابەش دەکرێن بەسەر ژمارە تاکەکاندا (1,7 ، 3، 5، 7، 9، ...هتد) کە ژمارەکان یەکسان بن بە ژمارەی کورسیی بازنەی هەڵبژاردن، تاوەکو دەگات بە بەرزترین ئەنجامەکانی دابەشکردن کە یەکسان بێت بە ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ بازنەی هەڵبژاردن.

د – کورسییەک بۆ ئەو لیستە تەرخان دەکرێت کە بەرزترین ئەنجامی دابەشکردنی بەدەست هێناوە، کورسیی دووەم بۆ ئەو لیستە تەرخان دەکرێت کە دووەم بەرزترین ئەنجامی دابەشکرنەکەی بەدەست هێناوە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تاوەکو گشت کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردن تەواو دەبن.

هـ – ئەگەر دوو لیست یان زیاتر هەمان ئەنجامی دابەشکردنیان بەدەستهێنا بێت کە ببێتە مایەی بەدەستهێنانی کورسیی کۆتای لە بازنەی هەڵبژاردندا، ئەوا بە ئامادەبوونی نوێنەرەکانیان، تیروپشک لەنێوان ئەو لیستانەدا ئەنجام دەدرێت.

**<u>دووەم/ بەپێی ئەمەی خوارەوە، کورسییەکان بەسەر پاڵێوراواندا دابەش دەکرێن:</u>**

أ – بە پشتبەستن بەو دەنگانەی هەر پاڵێوراوێک بەدەستی هێناوە، دووبارە ناوی پاڵێوراوەکان لەناو لیستی کراوەدا، لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین، ڕیز دەکرێنەوە.

**ب** – بەگوێرەی برگەی ( أ )ی سەرەوە، ئەو کورسییانەی لیستێک بەدەستی هێناوە، بۆ پاڵێوراوەکان تەرخان دەکرێن.

ج – ئەگەر دوو پاڵێوراو یان زیاتر لە هەمان لیستدا، دەنگە درووستە بەدەستاهاتووەکانیان یەکسان بوون و لەڕیزبەندیی کۆتایی بازنەی هەڵبژاردنەکەیاندا بوون، ئەوا بۆ دیاریکردنی براوەی کورسیی هەڵبژاردن، پشت بەو ڕیزبەندییە دەبەسترێت کە حزب یان قەوارەی سیاسی لە لیستی هەڵبژاردنیدا پەسەندی کردووە.

**<u>سێیەم/ دابەشکردنی کورسیی پاڵێوراوە ئافرەتەکان (کۆتای ئافرەتان)، بەپێی ئەمەی خوارەوە:</u>**

أ – ئەم پەیڕەوە، دەستەبەری ڕێژەیەک دەکات بۆ ئافرەتان کە لە هەر بازنەیەکدا لە 25% کەمتر نەبێ.

ب – کۆتای ئافرەتان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا، وەک ئەوەی لە خشتەی سەرەوە لە ماددەی (2/دووەم)ی ئەم پەیڕەوەدا هاتووە، دیاریدەکرێت.

ت – ئەگەر بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کۆتای ئافرەتان لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا تەواو بوو، ئەوا پرۆسەی گۆڕینەوە ئەنجام نادرێت.

ث – ئەگەر بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کۆتای ئافرەتان تەواو نەبووبێت، یاخود ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بە دەنگەکانی خۆیان سەرکەوتوون، لەگەڵ ژمارەی کورسیی تەرخانکراو بۆ ئافرەتان لە بازنەی هەڵبژاردندا نەگونجێت ، ئەوکاتە پەنا دەبرێتە بەر گۆڕینەوەی پاڵێوراوێکی پیاو یان زیاتر بە ئافرەتێک لە هەمان لیستدا کە زۆرترین دەنگی ئافرەتانی بەدەستهێنا بێت، بەم ڕێگایەی خوارەوە:

1. پشکی لیست لە (کۆتا) لە ڕێگەی دابەشکردنی ئەو کورسییانەی هەر لیستێک بەدەستی هێناوە بەسەر (4)دا دیاریدەکرێت، بەمەرجێک کەرتی دەیی (الکسور العشرية) هەژمار نەکرێن.

2. له حاڵەتێكدا ئەگەر بەپێی برگەی (1)، له بازنەی هەڵبژاردندا ڕێژەكە بەدەست نەهات، ئەوا پشكی لیست له (كۆتای ئافرەتان) له ڕێگەی دابەشكردنی ژمارەی كورسییە تەرخانكراوەكان بۆ هەر لیستێك بەسەر (3)دا دیاریدەكرێت. بە مەرجێك كەرتی دەیی هەژمار نەكرێن.

3. ئەگەر بەپێی ئەمانەی سەرەوە، كورسیی پێویست بۆ ئافرەتان بەدەست نەهات، ئەوا كورسییەك له كورسییەكانی ئەو لیستانەی دوو كورسییان بەدەستهێناوە بۆ ئافرەتان تەرخان دەكرێت.

4. ئەگەر گشت هەنگاوەكانی ئەم پەیڕەوە، ژمارەی پێویست بۆ كورسیی ئافرەتان دەستەبەر نەكات، ئەوا كورسییەك له كورسییەكانی ئەو لیستانەی یەك كورسییان بەدەست هێناوە بۆ ئافرەتان تەرخان دەكرێت.

5. ئەگەر تەنها یەك كورسیی تەرخانكراو بۆ ئافرەتان (كۆتا) مابێتەوە و چەند لیستێك هەبن كە سێ یان دوو یان یەك كورسییان بەدەستهێنابێت و هیچ ئافرەتێكی براوەیان تێدا نەبێت، ئەوا لەبەرژەوەندی ئەو پاڵێوراوە ئافرەتەی كە زۆرترین دەنگی لەنێو ئافرەتانی ئەو لیستانەدا بەدەستهێناوە و هیچ كورسییەكی بەرنەكەتووە، گۆڕینەوە لەناو ئەو لیستانەدا ئەنجام دەدرێت كە سێ یان دوو یان یەك كورسییان بەدەست هێناوە و لەگەڵ پاڵێوراوێكی براوەی پیاو لەناو ئەو لیستانەدا دەگۆڕدرێتەوە.

6. له ئەگەری یەكسانبوونی دەنگەكانی ئەو ئافرەتانەی كە مەبەستن بۆ بەدەست هێنانی كۆتای ئافرەتان لەناو ئەو لیستانەی كە سێ یان دوو یان یەك كورسییان بەدەست هێناوە، ئەوا بە ئامادەبوونی خۆیان یان نوێنەرەكانیان، تیروپشك له نێوانیاندا ئەنجام دەدرێت.

7. ژمارەی ئەو ئافرەتانەی ناو لیست كە بە دەنگی خۆیان سەركەوتوون، دەچێتە چوارچێوەی پشكی لیست بۆ كۆتای ئافرەتان.

**چوارەم: بەپێی ئەمەی خوارەوە، كورسیی پێكهاتەكان دابەش دەكرێن:**

أ – جگە له كورسی تەرخانكراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگا ڕێكنەخراوەكان له هەرێمدا، ئەم كورسییانەی خوارەوە بۆ پێكهاتەكان تەرخان دەكرێن:

1. پێكهاتەی مەسیحی و ئێزیدی و سابیئەی مەندائی و كوردی فەیلی (3) كورسی، هەر یەكێكیان یەك كورسی له پارێزگای بەغداد.

2. پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزیدی و شەبەک (3) کورسی، لە پارێزگای نەینەوا.

3. پێکهاتەی مەسیحی (1) کورسی، لە پارێزگای بەسڕە.

4. پێکهاتەی کوردی فەیلی (1) کورسی، لە پارێزگای واست.

5. پێکهاتەی سابیئەی مەندائی (1) کورسی، لە پارێزگای میسان.

6. پێکهاتەی مەسیحی (1) کورسی، لە پارێزگای کەرکووک.

ب – لە حاڵەتێکدا، ئەگەر پاڵێوراوێکی سەر بە پێکهاتەکان سەرکەوت و کورسییەکی گشتی بەدەست هێنا، ئەمە کاریگەری نابێت بەسەر ژمارەی کورسییە تەرخانکراوەکانی پێکهاتەکان.

ج – ڕیزبەندیی پاڵێوراوەکان بۆ کورسیی پێکهاتەکان لەهەر پارێزگایەکدا کە کورسی پێکهاتەکانی بۆ تەرخانکراوە، بەپێی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە و لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین، دووبارە ڕێکدەخرێتەوە.

د – ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی بەدەست هێناوە، دەبێتە براوەی کورسیی پێکهاتەکەی.

هـ – ئەگەر دوو پاڵێوراو یان زیاتر لە پاڵێوراوانی پێکهاتەکان، ژمارەی دەنگەکانیان یەکسان بوون، ئەوا بە ئامادەبوونی خۆیان یان نوێنەرەکانیان، تیروپشک ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی - 4 –**

یەکەم: ئەگەر لەبەر هۆیەک کورسییەکی ئەنجومەنی پارێزگا بەتاڵ بوو، ئەو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگی لەنێو سەرنەکەوتووەکانی هەمان لیست بەدەستی هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە.

دووەم: ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک ئەندامی ئەنجوومەن کورسییەکەی لەدەستدا و کورسییە بەتاڵەکە تایبەت بوو بە پێکهاتەکان، کورسییەکە دەدرێت بە پاڵێوراوێک کە لە هەمان پێکهاتە بێت و بەرزترین ئاستی دەنگەکانی بەدەست هێنابێت و هیچ کورسییەکی بەرنەکەوتبێت.

سێیەم: ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک ئەندامی ئەنجومەن کورسییەکەی لەدەستدا و لە چوارچێوەی لیستی تاکەکەسیدا بوو، کورسییەکە دەدرێت بە پاڵێوراوی حزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی کە بەرزترین ئاستی دەنگەکانی بەدەست هێنابێت و هیچ کورسییەکی بەرنەکەوتبێت.

چوارەم: ئەگەر کورسییە بەتاڵەکە تایبەت بوو بە ئافرەت، بەپێی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە، مەرجە ئافرەتێک لە هەمان لیست جێگەی بگرێتەوە.

**ماددەی – 5 –**

لە بەرواری پەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمسیارانەوە لە 31/ 10/ 2023، ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکرێت.

**ئەنجوومەنی کۆمیسیاران**